سەید حەکیم لە بابل: میانرەوی پرۆژەی ئەمەیە بۆ پاراستنی عێراق و بەشداری کردنی هەڵبژاردنەکانیش گەرەنتییە بۆ مافی هەمووان

لەپارێزگای بابل، بەشکۆی شارستانییەت و مێژوو سەماحەتی سەید عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی گوتەیەکی پێشکەش کرد و ستایشی پارێزگای بابل رۆلەکانی کرد بەهۆی دڵسۆزیان بە ئەهلی بەیت (سلاویان لێ بێت) و داواشی کرد کارکردن لەپێناو خودای گەورە بێت و پشت و پەناش هەر بەو بێت.

سەماحەتی باسی شایستەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کرد و ڕوونی کردەوە کە پارەی سیاسی لەم پرۆسەی هەڵبژاردنە بوونی هەیە و ئامادەیە و دووپاتی کردەوە کە دەبێت جیاوازی لەنێوان پاڵێوراوێك هەبێت کە کار بۆ خۆی دەکات لەگەڵ یەکی دیکە کە خزمەتی ولات و گەلەکەی دەکات، جەختیشی کردەوە لەسەر گرنگی ئەرێنی و گەشبینی و گۆڕینی بە رۆشەنبیرییەکی کۆمەلایەتی گشتی.
سەماحەتی سەید حەکیم ڕوونیکردەوە کە ڕەوتی حیکمەتی نیشتمانی پڕۆژەی میانڕەوی و و پڕۆژەی هاوسەنگی و یەکخستنی وشە و پتەوکردنی ڕیزەکانە، پاراستنی گیانی باوەڕداران و دوورکەوتنەوە لە کردارە گوماناوییەکانە، هەروەها داوای چاوپێخشانەوەیەکی بە ڕووداوەکانی ناوچەکە و پەرەسەندنەکانی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە میانڕەوی و مەرکەزییەت عێراقیان پاراستووە و پڕۆژە و پلانەکانی ئەوانی دیکەیان پوچەڵ کردووەتەوە..

سەید حەکیم جەختی لەسەر گرنگی ڕێبازی میانڕەوی و هاوسەنگی کردەوە لەپاراستنی سەقامگیریی بەدەستهاتوو لەعیراق و داوای هەڵوەستی کرد لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە بە پاراستنی خەڵک و پرۆسەی سیاسی و بەبیری هێنایەوە کە گوتاری ئاژاوەگێڕ جگە لە ئاڵۆزبوون و کێشەکان هیچی تری بۆ عێراق نەهێناوە..

بەڕێز حەکیم سەبارەت بە گرنگی سروشتی کردەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا گوتی نابێت بەڵێن بە بەشتێك بدەن کە بزانن جێبەجێ ناکرێت، هەروەها داوای کرد هەوڵی جددی بدرێت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک و جەختی لەسەر پێویستی بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتیان کردەوە لە هەردوو قۆناغی خۆپاڵاوتن و دوای هەڵبژاردندا، هەروەها ئاماژەی بە گرنگی سەقامگیریی سیاسی و چاکسازی ئابووری و دارایی و باشترکردنی ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک ئاو و کارەبا و تەندروستی و پەروەردە کرد.

بەڕێزیان لە کۆتایی قسەکانی جەختی لەسەر پابەندبوون بەبەها ئایینی و کەلتووری و کۆمەلایەتییەکانی کردەوە و داوای ڕووبەڕووبوونەوەی لادانە کۆمەلایەتییەکان و کرانەوەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و دوورکەوتنەوە لەناکۆکی و ململانێ و جەختکردنەوە لەسەر پڕۆژەکان و ناساندنی و بەکارهێنانی هەموو تواناکانی بەردەست بۆ ئەو مەبەستە، هەروەها یداوای نوێکردنەوەی بیروڕاکان و پەسەندکردنی ئەو شتانەی کرد کە لە بیری خەڵکدا جێگیر دەبێت و جەختی لەوە کردەوە کە سەرکەوتن هاوپەیمانی هەمووانە چ لە ڕێگەی بردنەوە یان پشتیوانیکردن لە براوەکان.

هەروەها و ئاماژەی بەوەدا کە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن مافەکانی هەمووان گەرەنتی دەکات و زامنی دەکات جا ئەوانە بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن یان نەیکەن.